هاوڵاتییەک بە هووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەستدا و دوو کەسی دیکەش بە سەختی بریندار بوون

ئەمڕۆ سەشەممە (4ـی حوزەیرانی 2024)، لەسەر ڕێگای سەرکی ئیبراهیم خەلیل لە سنوری ئیدارەی قەزای زاخۆ هاوڵاتییەک بە هووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەستدا و دوو کەسی دیکەش بە سەختی بریندار بوون.

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی زاخۆ ڕایگەیاند، "نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەسەر ڕێگای سەرکی ئیبراهیم خەلیل ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر خەی بە کەسکدا کشا و دواتریش خەی کشاوە دوو ئۆتۆمبێلی دیکەدا".

ئاماژەی بەوەشکردووە، پیادەکە کە کوتووەتە ژێر بارهەڵگرەکە دەستبەجێ لە شوێنی هووداوەکە گیانی لەدەستداوە و دوو کەسی دیکەش بە سەختی بریندار بوون، زیان ماددیش بە سێ ئۆتۆمبێلەکە و ستوونێکی کارەباش کوتووە.